# سازمانی فێرکار

# Learning Organization

| بابەت | سازمانی کۆن | سازمانی نوێ |
|---|---|---|
| شێوازی سازمان | هەرەمی | بەستێنێکی ئاواڵەی گفتوگۆ |
| پرۆسەی بڕیاردان | نێوەندگیرە (مەرکەزییە) | هەر ناوچەیەک ئازادیی کرداری هەیە |
| گرنگترین دەرامەد | سەرمایە | زانیار (زانست و هونەر) |
| ڕێبەرایەتی | لە ڕێی فەرمانەوە | لە ڕێی بیرۆکەوە |
| کار | ڕێسای لە پشتە | بیروڕای لە پشتە |
| پاداشت | پارەیە | بەشداری و هۆگرییە |
| جەخت لەسەر | شارەزایانە | توانای هەموانە |
| مەبەست | گەشەی بەرهەمە | گەشەی هاوکارانە |

# سازمان بۆ گۆڕانکارییە!

مرۆڤ لەم بوارەدا بە گشتی چوار جۆرە:

1) مرۆڤی خامۆش - دژی گۆڕانکارییە **Inactive**
2) مرۆڤی خۆگونجێن - خۆی لەگەڵ بارودۆخدا دەگونجێنێ **Reactive**
3) مرۆڤی بەرژەوەندبین – سوود لە گۆڕانکاری وەردەگری **Proactive**
4) مرۆڤی کارا - گۆڕانکاری دروست دەکات **Interactive**

پێداویستیی فیزیۆلۆژی

پێداویستیی ئاسوودەگی

پێداویستیی پەیوەندی

پێداویستیی پێزانین

پێداویستیی خۆڕاستاندن

## «پەیژەی پێداویستی» ی Abraham Maslow 1954

# پێنج دیسیپلینی سازمانی فێرکار

# 1- ئوستادیی تاکەکەس
# Personal Mastery

ئوستادیی تاکەکەس - ئامادەگیی تاکەکەس بۆ فێربوون. واتە:

1) قووڵبوونەوەی زانیار و فرەواندنی وێنا،
2) کۆ کردنەوەی وزە
3) خۆڕاگری (سەبر) و
4) داکەوتبین (واقیع)

# 2- مۆدێلی خەیاڵکرد
# Mental Models

- وێنە، دەرکی گشتی و مۆدێل هەیە کار دەکەنە سەر تێگەیشتنی مرۆڤ لە دونیا و جۆری هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەردا.
- لێرەدا گرنگە سەرکردە و هاوکاران فێربن پەی بە مۆدێلی یەکتر بەرن.

# 3- وێنای هاوکۆ
# Building Shared Visions

- هەزاران ساڵە ئافراندنی وێنا و ئامانجی هاوکۆ گرنگترین تایبەتمەندیی ڕێبەر بووە.

- گەر وێنای هاوکۆ هەبێت، هەر کەس لەو سازمانەدا کاری خۆی دەکات لەبەر ئەوەی خواستی خۆیەتی نەک لەبەر ئەوەی فەرمانی پێ دەدرێت.

# 4- فێر کردن بە تیم
# Team Learning

- دەستکەوتی باشتر و فراژووتنی هاوکاران
- دیالۆگ، هەڵ کردن و پێک هاتن پێشمەرجی گرنگن بۆ فێرکاریی نێو تیم.

# 5– دەرکی سیستەم – «دیسیپلینی پێنجەم»
# System Thinking

مەبەست پەی بردنە بە سەرلەبەری سیستەمەکە،

- هەم بینینی پارچە جیاوازەکانی سیستەمەکەیە و
- هەم تێگەیشتنە لە شێوازی هاوکاری و هاوئاهەنگی و پەیوەستی ئەو پارچانەیە لەو سیستەمەدا.

# سازمانی فێرکار = گۆڕانکاریی بەردەوام

- لە سازمانی فێرکاردا جەخت دەکرێتە سەر ئەوەی گۆڕانکاریی بەردەوام زۆر گرنگە نەک تەنها لە سازماندا بگرە لە خۆشماندا، لە تاکەکەسدا.
- بنەمای ئەم کارە بریتییە لە هەنگاوی هەمەجۆر ڕووەو شائامانجێکی دیاریکراو ئەویش پێک هێنانی گفتوگۆیەکی ئازاد و کراوەیە.

# له نێوان سەرۆک و ڕێبەردا

- سەرۆک له کارمەندانی خۆی دەخورێ، ڕێبەر دەیانبزوێنێ.
- سەرۆک پشت به هێز دەبەستێ، ڕێبەر پشت به ویستی چاک دەبەستێ.
- سەرۆک ترس دەوروژێنێ، ڕێبەر خۆشەویستی لێ دەدرەوشێتەوە.
- سەرۆک دەڵێ «من»، ڕێبەر دەڵێ «ئێمە».
- سەرۆک ئاماژە بەو کەسە دەکات کە هەڵە دەکات. ڕێبەر ئاماژە بە هەڵەکە دەکات.
- سەرۆک دەزانێت هەموو کارێک چۆن دەکرێت، ڕێبەر دەزانێ دەبێ بکرێت.
- سەرۆک داوای ڕێز دەکات، ڕێبەر ڕێزی هەیە.

**H. Gordon Selfridge ڕاگواستەی**